لێکۆڵینەوە

# بنچینە جوگرافییەکانی
# هێزی دەوڵەتی باشوری سودان

دکتۆر سەفین جەلال فەتحوڵڵا

بنچینە سروشتییەکان کەکار دەکەنە سەر هێزی دەوڵەت بابەتێکی سەرەکین لەتوێژینەوە جیۆپۆلەتیکییەکاندا چونکە ئەو توێژینەوانە تایبەتمەندییە سروشتییەکان مشتومالْ دەکەن بەڵام دوای ئەوەی کەئەو تایبەتمەندییانە لێك جیا دەکەنەوە، ئینجا دواتر دەکەونە گەڕ بۆ رونکردنەوەی کاریگەریی هەر توخمێك لەسەر پێگەی دەوڵەتو هێزەکەی، چونکە هەر هەرێمێکی سیاسی ئەنجامی کارلێکی چەند فاکتەرێکی جوگرافییەو بۆ ئەوەی بگەین بەتێگەیشتنێکی وردو قوڵتر دەبێ هەموو ئەو فاکتەرانە تاوتوێ بکەین.

١-هەڵکەوت:

دیراسەکردنی هەڵکەوت پێگەیەکی دیاری لەتوێژینەوە جیۆپۆلەتیکییەکاندا هەیە چونکە هەڵکەوت شوێنی ناوچەکە یان هەرێمە سیاسییەکە دیاری دەکا، لەوانە ئەو تایبەتمەندیو پێوەرانەی کەکار دەکەنە سەر یەکە سیاسییەکە وەك دیاردە سروشتیو مرۆییەکان کەرۆڵیان هەیە لەدیاری کردنی ئەنجامە عەسکەریو سیاسیو ئابورییەکانو هەروەها چەندان بڕیار

پشتیان پێ دەبەستن[1]. بەم پێیە، ئێمە لەکاتی تاوتوێ کردنی بایەخی هەڵکەوتی دەوڵەتی باشوری سوداندا، مەبەستمان لەهەڵکەوت پەیوەندیی شوێنی دەوڵەتەکەیە بەچەمکە سروشتیی‌و ئابورییەکانەوەو هەروەها لەکاریگەریی ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئایندەی ستراتیجیی‌و جیۆستراتیجیی ئەو دەوڵەتە دەکۆڵینەوە.

أ-شوێنی فەلەکی:

دەوڵەتی باشوری سودان لەکیشوەری ئەفریقیا دایەو کەوتۆتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٣,٣٠و ١١,٥٠ رۆژهەڵاتو نێوان هەردوو هێڵی درێژیی ٢٢و ٣٨ی رۆژهەڵاتو بەم پێیە هەڵکەوتی دەوڵەتەکە لەناوچەی نیمچە ئیستوایییدایە. شوێنی باشوری سودان بەگوێرەی بازنەکانی پانی وەك ئاماژەمان پێداوە، وای کردووە ئەم دەوڵەتە بەدرێژایی زێدەتر لەهەشت بازنەی پانی درێژ ببێتەوە کەدیارە ئەمەش بەنۆرەی خۆی لەسروشتی ئاوو هەواو هەمەجۆریی فاکتەرە جوگرافییەکاندا رەنگی داوەتەوەو هەمەچەشنەییەکی لەبواری ژینگەو ئاووهەوادا سەپاندووە چونکە دەوڵەتەکە لەوپەڕی باشوردا لەهەرێمی نیمچە ئیستیوایییەوە، لەهەرێمی لێڕەوارو جەنگەڵی چڕوپڕو درەختی هەمیشە سەوزەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە هەرێمی خولگەیی لەباکوردا کەخاوەنی پشتێنەی روەكو درەختی ساڤانای درێژو کورتو لەوەڕگای پانو پۆڕە.

لەڕوی جیۆپۆلەتیکییەوە هەڵکەوتی فەلەکیی دەوڵەتی باشوری سودان بایەخێکی زۆری هەیە چونکە لەم هەڵکەوتەدا وەرزێکی گەشەی باش هەیە کەکاریگەریی باشی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ هەیەو ئەمەش لەچوارچێوەی ستراتیجێکی سەرتاپاگیردا دەتوانێ رۆڵی هەبێ لەوەدی هێنانی پلەیەکی دیاریکراوی هێزدا.

ب-هەڵکەوت بەپێی وشکایی‌و ئاو:

هەڵکەوت بەپێی پەیوەندیی بەوشکایی‌و ئاوەوە، لەبەر چەندەها هۆی سیاسی، بۆ دەوڵەت بایەخێکی زۆری هەیە چونکە کەسایەتییەکی تایبەتی پێ

ده‌به‌خشێت‌و سیاسه‌ته‌كه‌ی به‌ره‌و ئاراسته‌یه‌كی دیاریكراو پاڵ پێوه‌ ده‌نێ[٢]، چ ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ ده‌وڵه‌تێكی كیشوه‌ریی بێ یان ده‌ریایی، ئه‌مه‌ش له‌ئاكامدا رۆڵی خۆی له‌ئاراسته‌ی جوگرافیی ده‌وڵه‌تدا ده‌گێڕێ‌و ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌سه‌ر جموجۆڵی ده‌بێ‌و جۆری به‌رژه‌وه‌ندییه‌ سیاسی‌و ئابورییه‌كانی دیاری ده‌كات.

جا له‌و روانگه‌یه‌وه‌ كه‌شه‌ش ده‌وڵه‌ت هاوسنوری ده‌وڵه‌تی باشوری سودانن: ئه‌و شه‌ش ده‌وڵه‌ته‌ش بریتین له‌ كۆماری ئه‌سیوپیا له‌رۆژهه‌ڵاتدا، كینیاو ئۆگه‌نداو زائیر له‌باشوردا، كۆماری ئه‌فریقیای ناوه‌ڕاست له‌رۆژئاواداو سودان له‌باكوردا، وا ده‌رده‌كه‌وێ كه‌هه‌ڵكه‌وتی ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌ هه‌ڵكه‌وتێكی داخراوه‌و ناڕوانێته‌ سه‌ر هیچ ده‌ریایه‌ك. ئه‌م جۆره‌ هه‌ڵكه‌وته‌ بارگرانییه‌كی زۆر له‌سه‌ر ده‌وڵه‌تی باشوری سودان دروست ده‌كات چونكه‌ بێبه‌شی ده‌كات له‌په‌یوه‌ندیی راسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ جیهانداو په‌یوه‌ندییه‌ راسته‌وخۆكانی ته‌نها له‌گه‌ڵ یه‌كه‌ سیاسییه‌ هاوسنوره‌كانیدا ده‌بێت كه‌ئه‌مه‌ش وا له‌و ده‌وڵه‌ته‌ ده‌كات تا راده‌یه‌كی زۆر پشت به‌ده‌وڵه‌ته‌ دراوسێكانی ببه‌ستێت.

هه‌روه‌ها له‌ئه‌نجامی ئه‌م هه‌ڵكه‌وته‌ داخراوه‌دا، خه‌رجیی گواستنه‌وه‌ی كاڵاكان چ هاورده‌ بن چ نێرده‌، گرانتر له‌سه‌ری ده‌كه‌وێ‌و له‌ئه‌نجامدا ئه‌مه‌ ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌سه‌ر توانای كڕینی هاووڵاتییان‌و به‌رزبونه‌وه‌ی نرخ ده‌بێ چونكه‌ ئه‌و كه‌ره‌ستانه‌ ئه‌گه‌ر هاورده‌ بن‌و له‌ده‌وڵه‌تێكی نا دراوسێ هێنرابن، به‌خاكی ده‌وڵه‌تی دیكه‌دا تێده‌په‌ڕن به‌ڵام ئه‌گه‌ر ده‌شێ ئه‌م گرفت‌و مه‌ترسییانه‌ هیچ ئاسه‌وارێكیان نه‌مێنێ ئه‌گه‌ر هاتو ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ په‌یوه‌ندیی به‌هاوپه‌یمانی یان یه‌كێتییه‌كی بازرگانی یان بازاڕێكی هاوبه‌شه‌وه‌ كرد به‌مه‌به‌ستی نه‌هێشتنی ئه‌و گوشارانه‌ی كه‌ده‌رهاوێشته‌ی هه‌ڵكه‌وته‌ داخراوه‌كه‌ین.

ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌ وای له‌ده‌وڵه‌تی باشوری سودان كردووه‌ ئاراسته‌یه‌كی‌و وشكانی بگرێته‌ به‌ر كه‌ئه‌مه‌ش به‌ڕونی له‌داڕشتنی ستراكتۆری سیاسی‌و ئابوری‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌یدا ده‌رده‌كه‌وێت. روخساره‌كانی ئاراسته‌ی وشكانی له‌دانیشتوانی ئه‌و ناوچانه‌دا ده‌رده‌كه‌ون كه‌سیستمێكی خێڵه‌كی‌و عه‌شیره‌تگه‌ری به‌سه‌ریاندا زاڵه‌. جیاوازیی ئاین‌و باوه‌ڕه‌كان وه‌ك ئاینی- ئیتنیكی‌و هه‌روه‌ها ئیسلام‌و مه‌سیحیه‌ت له‌ناوچه‌كانی باشوری سودان ئاماژه‌یه‌كه‌ بۆ ئاراسته‌ی

وشـكانی‌و لـه‌م روه‌وه سروشـتی پـارێزراو رۆڵـی هـه‌بوه له‌پاراسـتن‌و مانـه‌وه‌ی دانیشتوانی ئه‌م ناوچانه‌ی كه‌ئه‌و ئاین‌و بیروباوه‌ڕانه‌یان هه‌یه.

راسـته هه‌ڵكـه‌وتی كیشـوه‌ری بـه‌خاڵێكی لاوازی جیۆپۆلـه‌تیكی ده‌وڵـه‌تی باشوری سودان داده‌نـدرێت بـه‌ڵام لـه‌ڕوی سـتراتیجه‌وه ده‌شـێ ئـه‌م هه‌ڵكه‌وتـه سودێكی زۆری هه‌بێ‌و له‌كاتی شه‌ڕدا ئه‌و هه‌له‌ی بۆ ده‌ره‌خسێنێ كه له‌ناوچـه‌ی هێڵه‌كانی ناوه‌وه سودمه‌ند بێ. له‌لایه‌كی تره‌وه، هه‌ڵكـه‌وتی ده‌وڵـه‌تی باشـوری سودان، ئه‌گه‌رچی له‌ڕوی جوگرافییه‌وه داخراوه، به‌گرنگترین هه‌رێمه‌كانی ناوچه‌ی حه‌وزی نیل داده‌ندرێت چونكه زۆربه‌ی لقـه‌كانی روبـاری نیـل كـه له‌سه‌رچـاوه ئیستیوایيه‌كانه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێن، به‌خاكه‌كه‌یدا تێده‌په‌ڕن. بۆیه، ئـه‌م هه‌ڵكه‌وتـه له‌ئێستاو له‌ئاینده‌شـدا، له‌چوارچـێوه‌یه‌كی گرنگدایـه بـۆ سـتراتیجی سـودان‌و میسر.

## هه‌ڵكه‌وتی دراوسێتی

هه‌ندێ جار به‌هه‌ڵكه‌وتی دراوسێتی ده‌وترێ هه‌ڵكـه‌وتی رێـژه‌یی[3] Relative Location مـه‌به‌سـت له‌هه‌ڵكـه‌وتی دراوسـێتی هاوسـنوریی ده‌وڵـه‌تی باشـوری سودانه له‌گـه‌ڵ ده‌وڵه‌تـه دراوسـێكان‌و ژماره‌یـان‌و شـێوه‌ی سـنوری هاوبه‌شـی نێوانیان‌و كاریگه‌ریی ئه‌و هه‌ڵكه‌وتـه له‌سـه‌ر په‌یوه‌نـدیی نێوده‌وڵـه‌تیی نێـوان ده‌وڵه‌تی باشوری سودان‌و ده‌وڵه‌ته دراوسێكانی.

ده‌وڵه‌تی باشوری سودان شه‌ش دراوسێی هه‌یه كه‌بریتین له‌ئه‌سیوپیا، كینیا، ئۆگه‌ندا، زائیر، كۆماری ئـه‌فریقیای ناوه‌ڕاسـت‌و سـودان. روداوه مێژوییـه‌كانی ناوچـه‌كه رۆڵێكـی گرنگیـان له‌كێشـانی سـنوری جـوگرافی‌و دیـاری كردنـی كاریگه‌ریی ده‌وڵه‌ته دراوسێكان له‌سه‌ر باشـوری سـوداندا هـه‌بوه چـونكه ئـه‌و ناوچه‌یه له‌ساڵی ١٨٩٨ به‌دواوه له‌ژێر كۆنترۆڵی بریتانیادا بـوه، واتـه لـه‌وه‌تی ئینگلیزه‌كان‌و میسرییه‌كان له‌شكركێشییه‌كی هاوبه‌شـیان بـۆ سـه‌ر ناوچـه‌كه كردووه. له‌م له‌شكركێشییه‌دا ئینگلیزه‌كان ده‌ستیان به‌سه‌ر هه‌رێمه‌كانی باشوری سوداندا گرت‌و پشتگیریی ئه‌وه‌یان كرد كه‌ئـه‌و هه‌رێمانـه لـه‌باكور بكرێنـه‌وه[4]. راسـته مه‌سـه‌له‌ی یه‌كلاكردنـه‌وه‌ی سـنوری ئـه‌و هه‌رێمانـه له‌گـه‌ڵ بـاكور

کەدرێژییەکەی ٢٠١٠ کلم زیاترە، هێشتا کۆتایی نەهاتووە بەڵام سنورەکانی تری باشوری سودان لەگەڵ دەوڵەتانی تر زۆر رونو ئاشکرانو بەسنوری نێودەوڵەتی دەژمێردرێنو لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە دایە: ئەسیوپیا (١٦٠٦ کلم)، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست (١٦٥ کلم)، زائیر (٦٢٨ کلم)، ئۆگەندا (٤٣٥ کلم)و کینیا (٢٣٢ کلم)[٥].

ئەوەی کەپەیوەندیی بەسنوری خواروی دەوڵەتی باشوری سودانەوە هەیە، دەبێ بەو جۆرە باس بکرێ کەسنوری باشوری لەکۆتایی ساڵی ١٩١٣ بەم شێوەیەی ئەمڕۆی لێ هاتووە، ئەویش پاش لکاندنی هەندێ پارچەی باشوری سودان بەئۆگەنداوە کە بەنیشتمانی خێڵەکانی مادیو لوجباری دادەندرێتو لەبەرامبەر ئەم لکاندنەشدا ئەو شوێنانەی کەخێڵەکانی باریو لاتوکای لێ دەژیا خرانە سەر سودان چونکە بەری دەستە راستی روباری نیل تا هێڵی پانیی ٥ لەلایەن ئۆگەنداوە بەڕێوە دەبرا. لەرۆژهەڵاتیش هێڵی سنور هاوتەرییە لەگەڵ بەرزاییە سروشتییەکانی ناوچەکە کەچیاکانی ئیماتونگو دونگوتاناو دیدنگا دەگرێتەوە بەڵام سنورەکە لەوپەڕی رۆژهەڵاتدا دەبێتە هێڵێکی فەلەکی[٦].

بەهەمان پێودانگ، سنوری رۆژئاوای دەوڵەتی باشوری سودان لەگەڵ کۆماری ناوەڕاستی ئەفریقیا بەپێی رێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٨٩٩ی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا کێشراوە. ئەم سنورە وای کردوە شێوەی دابەش کردنی روباری نیل بەپێی سنوری نێوان هەردوو ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیاو فەرەنسا دیاری بکرێت[٧]. دەوڵەتی باشوری باسور کەدەیەم دەوڵەتی حەوزی نیلو ٥٤ هەمین دەوڵەتی ئەفریقیایە بۆتە هۆی ئەوەی کەسنورێکی تازە لەنێوان جیهانی عەرەبو جیهانی ئیسلام دروست ببێت.

لێرەوەو لەو روانگەیەوە کە بەپێی ژمارەی دەوڵەتە دراوسێکان پەیوەندی زیاد دەکا یان کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی بۆ قەوارەیەکی سیاسیی داخراوی وەك دەوڵەتی باشوری سودان، چونکە ئەو پەیوەندییە لەکاتی سەرهەڵدانی ململانێ لەگەڵ یەکێ لەدەوڵەتە دراوسێکان ئەلتەرناتیڤێك پێشکەش دەکا، دەوڵەتی باشوری سودان پێویستی بەدبلوماسیەتیکی کارایە بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکانیدا بەباشی چونکە ئەم دەوڵەتە چەندان هاوبەشی

جیۆپوله‌تیكیی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته دراوسێكاندا هه‌یه، به‌تایبه‌تی ئاو. بۆیه هه‌ر روداوێكی سیاسی له‌باشوری سودان ره‌نگدانه‌وه‌ی ده‌بێ له‌سه‌ر ناوچه‌كانی ترو هه‌روه‌ها به‌پێچه‌وانه‌وه كه‌ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی وه‌رگرتنی هه‌ڵوێست به‌رامبه‌ر به‌هه‌ر گیروگرفتێك كه‌روو ده‌دا. ئه‌مه‌ش له‌كاتی شه‌ڕدا له‌گه‌ڵ باكور دیومانه چونكه شه‌ڕه‌كه ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌بوو له‌سه‌ر ده‌وڵه‌تانی دراوسێ‌و كارێكی وه‌های كردبوو هه‌ڵوێستی هاوبه‌شیان به‌رامبه‌ر به‌كێشه‌كه هه‌بێت.

له‌لایه‌كی تره‌وه، ئه‌گه‌رچی كێشانی سنوری نێوده‌وڵه‌تی له‌و ناوچه‌یه بۆ سه‌رده‌می كۆلۆنیالیزم‌و چه‌وسانه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه به‌ڵام میراتێكی سه‌خت‌و دژواری پڕ تێكهه‌ڵكێش بونی ئیتنیكی‌و كه‌لتوری‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌سه‌ر فاكتی جیۆپۆله‌تیكیی ده‌وڵه‌تی باشوری سودان، به‌شێوه‌یه‌كی چڕو كارا خۆی به‌سه‌ر ره‌وشی ده‌وڵه‌ته‌كه‌دا ده‌سه‌پێنێ. بۆیه دیارده‌ی نه‌بونی ده‌زگاو رێكخستنی توندوتۆڵ‌و به‌سام‌و به‌هه‌یبه‌تی ده‌وڵه‌ت له‌باشوری سودان‌و تێكهه‌ڵكێشبونه ره‌گه‌زی‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی گروپه مرۆییه‌كانی ناوچه‌كانی سه‌رسنور، بۆ ده‌وڵه‌تی باشوری سودان ده‌بنه ته‌حه‌دایه‌كی گه‌وره له‌هه‌وڵه‌كانیدا بۆ دابین كردنی ئارامی‌و سه‌قامگیری.

**٢-روبه‌رو شێوه:**

روبه‌ری ده‌وڵه‌ت یه‌كێكه له‌توخمه جوگرافییه‌كانی ده‌وڵه‌ت له‌چوارچێوه‌ی هاوكێشه‌ی مه‌رجه‌كانی هێزدا له‌و روانگه‌یه‌وه كه‌ئه‌م فاكته‌ره بواری ژیانی ده‌وڵه‌ته‌كه پێكده‌ێنێ. بۆیه مه‌سه‌له‌ی روبه‌ر جێی بایه‌خی زاناكانی جیۆپۆله‌تێكه كه به‌وردی لێی ده‌كۆڵنه‌وه‌و سه‌رقاڵن به‌دیاری كردنی كاریگه‌ریی بارودۆخی جوگرافیاو قه‌واره‌ی ده‌وڵه‌ت له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی ئه‌و ده‌وڵه‌ته[٨]. روبه‌ر به‌شێوه‌یه‌كی تایبه‌ت توانا ماددییه‌كانی هه‌ر ده‌وڵه‌تێك دیاری ده‌كات چونكه روبه‌روی فراوان داهاتی زۆرتر بۆ ده‌وڵه‌ت دابین ده‌كاو ئه‌گه‌ری به‌رهه‌می هه‌مه‌جۆر زیاد ده‌كا كه‌ئه‌مه‌ش به‌نۆره‌ی خۆی هاوسه‌نگییه‌كی باشتر بۆ گه‌شه‌ی ئابوریی سیاسیی ده‌وڵه‌ت ده‌سته‌به‌ر ده‌كات.

روبه‌ری ده‌وڵه‌تی باشوری سودان ٦٤٨٠٥٢ كیلۆمه‌تری دوجایه. ئه‌م روبه‌ره به‌سه‌ر سێ پارێزگادا دابه‌ش كراوه كه‌بریتین له‌پارێزگای سه‌روی نیل (٢٣٦١٨٠ كلم٢)و پارێزگای به‌حری غه‌زال (٢١٣٧٥١ كلم٢)و پارێزگای ئیستیوایی (١٩٨١٢١كلم٢)[٩]. ئه‌م روبه‌ره‌ی ده‌وڵه‌تی باشوری سودان له‌ڕوبه‌ری چه‌ند وڵاتێكی عه‌ره‌بی گه‌وره‌تره وه‌ك مه‌غریب، یه‌مه‌ن، عیراق. ئه‌م روبه‌ره ٧٠ جار له‌ڕوبه‌ری لوبنان‌و پێنج جار له‌ڕوبه‌ری تونس‌و سێ جار له‌ڕوبه‌ری سوریاو سێ جار له‌تێكڕای ناوچه‌ی كه‌نداوی فارس گه‌وره‌تره.

له‌ڕوی جیۆپۆله‌تیكییه‌وه روبه‌ر بایه‌خێكی زۆری بۆ به‌رگری كردن له‌قوڵاییی‌و هه‌روه‌ها بۆ زیادبونی ئه‌گه‌ری بونی سامانی سروشتی هه‌یه، جگه له‌وه‌ی كه‌ده‌توانێ ژماره‌یه‌كی زۆری دانیشتوان له‌خۆ بگرێت. وه‌ك له‌دابه‌شكردنی ده‌وڵه‌تاندا به‌پێی قه‌واره‌یان ده‌ركه‌وتووه، روبه‌ری ده‌وڵه‌تی باشوری سودان به‌پێی پێوه‌ری هارم له‌خانه‌ی ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌كانه‌و به‌پێی پێوه‌ری باونـدرز كه‌ده‌وڵه‌تانی به‌گوێره‌ی روبه‌ر به‌سه‌ر هه‌شت به‌شدا دابه‌ش كردووه، ده‌وڵه‌تی باشوری سودان له‌ڕیزی ده‌وڵه‌ته مامناوه‌نجییه‌كانه.

له‌ڕوی جیۆپۆله‌تیكییه‌وه روبه‌ری باشوری سودان گونجاوه بۆ ژماره‌ی ئێستای دانیشتوانی ئه‌و وڵاته (٨,٢ ملیۆن كه‌س به‌پێی سه‌رژمێری ساڵی ٢٠٠٨)[١٠] و هه‌روه‌ها گونجاویشه بۆ ئاینده. جگه له‌وه، ئه‌م ده‌وڵه‌ته روپێوێكی فراوانی هه‌یه بۆ نیشته‌جێبون ده‌ست ده‌دات، هه‌رچه‌ند ئاوهه‌وایه‌كی فره شێداری هه‌یه، سه‌رباری ئه‌وه‌ی كه‌سه‌رچاوه‌یه‌كی زۆرو فره‌چه‌شنه‌ی ئاوی هه‌یه كه به‌دڵنیاییه‌وه ده‌بێته مایه‌ی زیادكردنی گرنگییه جیۆپۆلۆتیكییه‌كه‌ی. ئه‌وه‌ی كه‌مایه‌ی زیاد كردنی گرنگییه جیۆپۆله‌تیكییه‌كه‌یه هه‌مه‌جۆریی داهاته‌كانێتیی وه‌ك- بۆ نمونه- نه‌وت كه له‌چه‌ند ناوچه‌یه‌كی ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌دا هه‌یه. هه‌روه‌ها روبه‌ری باشوری سودان كاتێك به‌راورد ده‌كرێ له‌گه‌ڵ روبه‌ری دراوسێكانی، به‌خاڵێكی هێز بۆی ده‌ژمێردرێ چونكه ئه‌م روبه‌ره —زائیری لێ ده‌رچێ- جیاوازییه‌كی ئه‌وتۆی له‌روبه‌ری ده‌وڵه‌ته دراوسێكانی نیه.

سه‌باره‌ت به‌شێوه‌ی ده‌وڵه‌تیش، شێوه له‌كاتی دیاری كردنی سنور له‌نێوان ده‌وڵه‌تێك‌و دراوسێكانی، ده‌وڵه‌ته‌كه شێوه‌یه‌كی دیاریكراو وه‌رده‌گرێ. له‌ڕوی

جیۆپۆلەتیکییەوە شـێوەی دەوڵـەت بایـەخێکی زۆری لـەدیاری کردنـی هێـزی جیۆپۆلەتیکیی دەوڵەتو پێگە سیاسییەکەیو جێبـەجێ کردنـی ئەرکەکانیـدا هەیە. شێوەی دەوڵەت دەشێ ببێ بەمایـەی تۆکمـە کردنـی پێگـەی دەوڵـەتو هـەروەها دەشـێ ببـێ بەمایـەی لاوازکردنـی هێزەکـەو هەڕەشـەکردن لەخۆڕاگرییەکەی.

شێوەی دەوڵەتی باشوری سودان شێوەیەکی نزیك لەسێگۆشـەیە، بناغەکـەی لەباکوردایەو سەری لەباشورو لەباشوری ڕۆژهەڵاتدایەو ئەم شـێوەیە تاڕادەیـەك درێژکۆلەیی بەسەریدا زاڵـە. هـەروەها ئـەوەی کەشـێوەی جـوگرافیی دەوڵـەتی باشـوری لەشـێوەکانی تـر جیـا دەکاتـەوە ئەوەیـە کەئـەم شـێوەیە بـەگوێرەی پێوەرەکانی هەژۆت hajjot نزیکە لەشێوەی خڕڵەیی (compact)[١١].

پەیـدابونی ئـەم دەوڵەتـە بـەم شـێوە خڕلەییـەو وەك بارسـتەیەکی تێکهەڵکێشبوی ناپارچە پارچەکراو کاریگـەریی باشـی لەسـەر یەکپارچـەییو پێکەوە بەسترانی پارچەکانی دەبێو دەبێتە مایـەی ئـەوەی کەبەئاسـانی دەست بەسەر قەڵەمڕەوەکەیدا بگرێت بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە خاوەنە هەرێمـە لێـك دابڕاوەکان. بەڵام دەشێ ئەمە بۆ دەوڵەتی باشوری سـودان جیـاواز بێـت چـونکە ناوەند لەبەر لێکترازانی چینە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها بەهۆی لاوازیی هێزی چەکدارەوە، تا ئەندازەیەکی زۆر بەزەحمەت دەتوانێ دەست بەسـەر هەرێمـەکانو ناوچە سنورییەکاندا بگرێو هەژمونی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ.

٣-پێکهاتەو ستراکتۆری جیۆلۆجی:

بۆ تاوتوێ کردنی تایبەتمەندییە سروشتییەکان پێویستە لەسـەرەتادا باسـی پێکهاتەی جیۆلـۆجیی دەوڵـەتی باشـوری سـودان بکـەین چـونکە پێکهاتـەی جیۆلۆجی لەلێکۆڵینەوە جیۆپۆلەتیکییەکاندا شایستەی بایەخدانێکی زۆرە بـۆ هەڵهێنجانی ڕاڤە زانستییەکانی تایبەت بـەجۆری بەرزاییـەکانو ناوەڕۆکیـانو هۆکـانی دروسـتبونیانو کاریگـەرییان لەسـەر دیاردەکـانی سـەر ڕوی زەویو پێکهاتەی کانزاکانو کاریگەریی لەسەر کەشو خاكو خۆڵو داهاتی ئاو. دیـارە

هەموو ئەمانە رەنگدانەوەیان لەسەر بنچینەکانی هێـزی ئـەو دەوڵەتـە هەیـەو ئاسەوار لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و هەرێمی‌و نێودەوڵەتی بەجێ دێڵن.

پێکهاتەی جیۆلۆجیی باشوری سودان جیاوازیی هەیەو پێکهاتەی ناوچەکانی رۆژهەڵات‌و باکور جیاوازن لەپێکهاتـەی ناوچـەکانی رۆژئـاواو باشـور، ئـەویش لەبەر جموجوڵی ناو زەمـین لەلایـەك‌و هۆكـاری داخـوران‌و دارمـان لەلایـەکی ترەوە[12]. لەو ناوچەیەدا، لەبنی هـەموو پێکهاتـەو بـەردە بەتەمـەن تازەکانـدا، بەتایبەتی لەبارستە دەرپەڕیوەکانی باشور، تفتە بەرد بەفراوانترین شێوە هەیە.

دیارە تفتە بەرد بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانی چاخی جیۆلۆجیی یەکەمدا روبەڕوی فاکتەرەکانی داتاشین‌و دارمان بونەتەوە[13]. هەوەها دیارە دارمانی تفتـە بەردە پتەوەکان‌و بەگەڕکەوتنی هۆکارەکانی داخوران بەدرێژایی زەمـەنی یەکـەم هەر بەردەوام بوە، ئەویش بەهاوتەریبی لەگەڵ بەردەوامبونی تەختایی‌و مانەوەی بەشێوەیەکی بەرزتر لەئاستی دەریا، بۆیە ئەم بەردانە نەکەوتنە ژێر ئاوەوە، بەڵام گۆڕان لەزەمەنی دووەمدا دەستی پێ کـرد، کاتێـك هەنـدێ جموجـوڵ‌و بزاوتـی ستونی پەیدا بوو، کەئەمەش کاری کردە سەر پەیوەندیی نێوان ئاوو وشـکایی‌و بەهۆی ئەمەوە ئاو بەسەر روبەرێکی فراوانـی ئـەو ناوچـەیەدا زاڵ بـوو. دواتـر لەچەرخی گوراسی‌و کریتاسی دا، بـەردی لمـین بەچـەند ئەسـتورییەکی جیـاواز نیشتەوە[14].

پێکهاتەی جیۆلۆجیی دەوڵەتی باشوری سودان بـەوە لەپێکهاتـەکانی دیکـە جیا دەکرێتەوە کە لەبنەڕەتدا دەشتێکی داتاشراو بووە کەنیشـتەنییەکانی قـوڕو لیتە داپیۆشیوەو بەرزاییە لێـك دورو لێـك دابڕاوەکـان دەورو خولیـان گرتـووە، بەتایبەتی لەبەشەکانی باشور. لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی باشوری سودان چەند بارستەیەکی بەرزاییە ئەسیوپییەکان هەیـە کەپێکهاتەیـەکی ئاگرینیـان هەیەو مێژویان بۆ سەردەمەکانی چـاخی سـێیەم دەگەڕێتـەوە، سـەرباری بـانی زاندی (بەردی کلسی) لەبەشەکانی باشور کەخاوەنی تایبەتمەندیی توندو سفت‌و بەرزییان کەوتۆتە نێـوان ١٠٠- ٥٠٠ مـەتر لەسـەر ئاسـتی دەریـا. هـەروەها لەبەشـەکانی تـری باشـورو باشـوری رۆژهـەڵات گردەکـان دەکەونـە ژێـر کاریگەرییەوەو ئەو گردانە بەرزیی جیاوازیان هەیە کە کەوتۆتـە نێـوان ١٥٠-

**٣٠٠ مه‌تر. ئه‌م به‌رزاییانه چه‌ند له‌سنوری ئۆگه‌ندا له‌باشوردا نزیك بنه‌وه، به‌تایبه‌تی له‌ناوچه‌ی به‌رزاییه‌كانی ئاماتونگ سه‌ختترو دژوارتر ده‌بن[١٥].**

**به‌تاوتویٚ كردنی پێكهاته‌ی جیۆلۆجیی ده‌وڵه‌تی باشوری سودان، ده‌بینین ئه‌م ناوچه‌یه له‌چاخه جیۆلۆجییه یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كاندا كه‌هه‌ر یه‌كێكیان به‌پله‌ی جیاواز كاریگه‌ریی هه‌بوه، كه‌وتۆته ژێر هه‌ژمونی جموجوڵو بزاوتی زه‌وی. جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناوچه‌كه كه‌وتۆته نزیك كه‌ندڕی ئه‌فریقیا، پێكهاته‌یه‌كی نا ئاڵۆزی په‌یدا كردووه‌و چه‌ند ته‌وه‌رێكی جیاوازی له‌باكوری رۆژئاواوه به‌ره‌و باشوری رۆژهه‌ڵات بۆ په‌یدا بووه.**

**له‌ئه‌نجامی ئه‌و جموجوڵو پێكهاته به‌ردینانه‌دا، ناوچه‌كه بووه ناوچه‌یه‌كی ده‌وڵه‌مه‌ند به‌سامانی كانزایی، به‌تایبه‌تی نه‌وتو مسو ئاسنو زێڕ[١٦]. ئه‌م سامانه‌ش هێزێكی جیۆپۆله‌تیكیو ئابوریی گرنگ پێكدێنیٚ ئه‌گه‌ر هاتو به‌شێوه‌یه‌كی زانستیو ژیرانه سودی لیٚ وه‌ربگریٚ.**

**٤-به‌رزاییه‌كان:**

**به‌رزاییه‌كان كاریگه‌رییه‌كی زۆریان له‌سه‌ر هه‌ڵسه‌نگاندنی هێزی ده‌وڵه‌ت هه‌یه. به‌رزاییه‌كانو ئاووهه‌وا تایبه‌تمه‌ندییه ئابورییه‌كانی ده‌وڵه‌ت دیاری ده‌كه‌نو ده‌بنه دوو فاكته‌ری گرنگی پێشكه‌وتنو بوژانه‌وه‌و تۆكمه‌یی نه‌ته‌وه‌یی. بایه‌خێكی جیۆپۆله‌تیكیی شێوه‌كانی سه‌ر روی زه‌وی جیاوازنو له‌شوێنێكه‌وه بۆ شوێنێكی تر روخساری جیاوازیان هه‌یه.**

**هه‌ڵكه‌وتی باشوری سودان كه‌تۆته ژێر كاریگه‌ریه روخساری به‌رزاییه‌كانی سه‌ر روی زه‌وی له‌ئاكامی ئه‌و فاكته‌ره جیۆلۆجییانه‌ی كه له‌چاخه یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كاندا هاتونه‌ته ئاراوه‌و وایان كردوه لێژایی زه‌وی ئه‌و ده‌وڵه‌ته به‌ئاراسته‌ی ناوه‌وه بیٚ، ئه‌م لێژاییه‌ش به‌م ئه‌ندازه‌یه ده‌بێته مایه‌ی به‌ئه‌سته‌م به‌رگری كردن له‌زه‌ویی ئه‌و ناوچانه، جگه له‌وه‌ی كه‌ئه‌م لێژاییه وای له‌ڕوباری نیل كردوه له‌باشوره‌وه به‌ره‌و باكور بچیٚ. به‌م پێیه، ده‌توانین روخساره‌كانی زه‌ویی ده‌وڵه‌تی باشوری سودان به‌سه‌ر ئه‌م به‌شانه‌ی خواره‌وه‌دا دابه‌ش بكه‌ین:**

أ-بانی باشور:

ئەم بانە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەلاتو باشوری دەوڵەتی باشوری سودان دەگرێتەوەو بەرزییەکەی دەگاتە ٨٠٠- ١٠٠٠ مەتر[١٧]. ئەم بانە لەرۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات بەسەر چەند بەشێکی لاوەکیدا دابەش بووە. لەسەرەتادا بانی ناوەڕاست دێتە پێشو پاشان ناوبرە ئاوییەکەی نێوان روباری نیلو بەرزاییەکانی باشور کە بەشێوەیەکی تاكو تەرا چەند بەرزاییەکیان تێدایە وەك چیای لوکاو لادۆ. ئەو لێوارەش دەڕوانێتە سەر نیل، بەشێکی سیستمی کەندڕی ئەفریقیا پێکدێنێت. هەروەها لێرەو لەوێ بەشێوەیەکی تاكو تەرا، لەناوچەی ناوەڕاستی ئەو بانە هەندێ گردۆلکەی بچوكو مامناوەنج هەیە کەبەرزییان لەسەد مەتر تێناپەڕێ، لەکاتێکدا رێڕەوە ئاوییەکان کە بەرەو دەشتاییەکان دادەکێشن ئەم بانە دەبڕنو روو دەکەنە ناوچە دەشتاییەکانی بەشەکانی باکوری دەوڵەتەکە[١٨].

ب-دەشتەکانی باشور:

ئەم ناوچەیە شێوەیەکی نمونەیی وەردەگرێو بنکەکەی لەباکوردا لەباکوری بەحری غەزالەوە تا سەر سنوری ئەسیوپیا درێژ دەبێتەوەو لای رۆژهەلاتی کەوتۆتە ئەوپەڕی بانەکەوە. لەلاکەی تر بریتییە لەهێلێك خواروی ناوبرە ئاوییەکەی نیلو کۆنگۆ بەیەکتری دەگەیەنێ[١٩].

ئەم دەشتاییە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەشە دەگرێتەوە کە لەدەوڵەتەکە ماوە. ناوچەکە چەند زۆنگاوی هەمیشەیی تێدایە کەروبەرەکانیان دەگاتە ٨٣٠٠ مەتری دوجا[٢٠]و روبەرەکە لەبەشەکانی باکوردا فراوانتر دەبێ. بۆیە ئەم دەشتە بایەخێکی ئابوریی زۆری هەیە.

بەگوێرەی ئەمە، دەتوانین بڵێین بونی ئەو ناوچە دەشتاییە بەبرشتانەو بونی ئاو بەو برە زۆرە ژینگەیەکی لەباری بۆ کشتوکاڵ دروست کردووە، جگە لەوەی کەژینگەیەکی گونجاو بۆ لەوەڕاندن پێك هێناوە کەدەتوانێ دەستێکی بالای لەپەرەپێدانی سامانی کشتوکاڵیو ئاژەڵدا هەبێ.

٥-ئاوو هەوا:

ئاووهـــەوا لـــەو فاكتـــەرە سروشـــتییانەیە كەپەیوەنـــدییان بەهەڵكـــەوتی فەلەكییەوە هەیەو كار دەكاتە سەر پەرەسەندنی سیاسی چـونكە ئـەم فاكتـەرە كار دەكاتە سەر رەنجی مرۆڤو پێشكەوتنو دەستكەوتەكانی. هەروەها ئاوو هـەوا بەشێوەیەكی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ كاردەكاتە سـەر بـەهای دەوڵـەت چـونكە فاكتەرەكانی خۆی لەخۆیدا كار دەكاتە سـەر بنچـینە سروشـتیو مرۆییـەكانی دیكە[٢١].

بەپێی پۆلێنـەكانی تایبـەت بەئاووهـەوا، دەكـرێ وەهـا باسـی ئاووهـەوای دەوڵەتی باشوری سودان بكرێت كەئاووهەوایەكی گەرمە لەباكورداو خولگەییە لەناوەڕاستداو ئیستیواییە لەباشوردا. وا لەخوارەوە گـرنگترین توخمـەكانی ئـەو ئاووهەوایە شرۆڤە دەكەین:

أ-گەرما:

گەرمای باشوری سودان بەرزە چونكە ئەم دەوڵەتە نزیكـە لەناوچـەی هێڵـی ئیستیوا كەتێیدا تیشكی خۆر بەشێوەیەكی نیمچە ستونی دەكەوێتە سەر زەویو دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما بەدرێژایی ساڵ، بەتایبەتی لەو ناوچـانەی كەبارانیان كەمە.

هەروەها پلەی گەرما لەدەوڵەتی باشوری سودان زۆر لێك نزیكە بەڕادەیـەك كەجیاوازییەكەی نێونجی ساڵانەی ئـەو ناوچـانە لـە ٢ پلـەی سـەدی تێناپـەڕێ كەئەمەش بایەخی خۆی هەیە (خشتەی ژمارە یەك).

جگە لەوە، سەرنجی ئەوە دراوە كەپلەی گـەرما لەباشـوری سـودان لـەوەرزی زستاندا زۆر لەنێونجە گشتییەكانی دانابەزێ بـەجۆرێك كەنێونجـەكانی مـانگی كانونی دووەمو شوبات لە ٢٥ پلـە سـەدی كـەمتر نیـە[٢٢]. بەمـەش، ئـەم پلـەی گەرمایە هاندەرێكە بۆ ئەنجامدانی چالاكیی كشتوكاڵی كەئەمەش بـەخاڵێكی هێز بۆ دەوڵەتی باشوری سودان دەژمێردرێ.

ب-باران:

باران لەباشوری سودان لـەماوەی نێـوان شـوبات‌و تشـرینی دووەم دەبـارێ‌و زۆرترین بارانیش لەمانگی ئابە. هەرێمەکەش بەشێوەیەکی گشـتی هـەرێمێکی باراناوییەو لەهەرێمی ساڤاناوە نزیکە[٢٣]. ناوچەی ناوەڕاست ناوچەیەکە لەئاستی ناوچەی ئیستوایی نزمترە چونکە وەرزی بـاران لـەم ناوچـەیە وەرزێکـی درێـژەو لەمانگی حوزەیران‌و مانگی ئەیلولدا دوو لوتکەی هەیە. کەشناسـیی باشـوری سودان ئەوەیان تۆمار کردووە کەبڕی بـاران هەنـدێ جـار لەشـوێنە بەرزەکانـدا گەیشتۆتە ١٥٠٠ملم. دیارە ئەم بڕە زۆرەی باران یارمـەتیی ئـەوە دەدا کـەبڕێکی زۆری ئاو بۆ لقەکانی روبـاری نیـل دابـین بکرێـت کەئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا بەخاڵێکی هێز بۆ دەوڵەتی باشوری سودان دەژمێردرێت چونکە هـەموو خـاکی ئەم دەوڵەتە کەتۆتە ناو چوارچێوەی ناوچەکانی بارانی مسۆگەر (خشتەی ژمـارە دوو).

بەشێوەیەکی گشتی، لەو ناوچەیەدا دوو هەرێمی ئاووهەواو هەیە کەمانەن:

١-هەرێمی رەش پێست:

ئـەم هەرێمـە لەبەشـەکانی بـاکورو ناوەڕاسـتی دەوڵـەتی باشـوری سـودان دەبینرێت، بەتایبەتی لەقەڵەمڕەوی نێوان بازنەی پانیی پێنج لەباکورو کۆتـایی سنوری باکور. لەم هەرێمەدا وەرزی باران بارین کەوتۆتە مانگەکانی هاوینـەوەو چەند بەرەو باشور بەشێوەیەکی گشتی داکشێین باران زیاد دەکاو ماوەی بارینیش درێژتر دەبێ[٢٤].

٢-هەرێمی خولگەیی:

ئەم هەرێمە لەبەشەکانی باشـورو باشـوری رۆژئـاوا دەبینرێـت. بـاران لـەم هەرێمەدا بەدرێژایی ساڵ هەیەو لەوەرزی دورو درێژی هاویندا ئەو بارانەی لـەو وەرزە دەبارێ لەبارانی وەرزی کورتی زستان زیاترە، جگە لـەوەی کەگـەرما لـەم هەرێمەدا بەدرێژایی ساڵ بەرزە[٢٥].

له‌به‌ر رۆشنایی ئه‌وه‌ی لێره باس كرا، ئه‌و رووه‌كه‌ی له‌و هه‌رێمه زاڵه گرژوگیای ساڤاناو جه‌نگه‌ڵی چڕه. گژوگیا له‌ناوچه‌كانی باكوردا هه‌یه، جه‌نگه‌ڵه‌كانیش كه له‌وپه‌ڕی باشور دان له‌و ئاسته‌دا نین كه له‌گه‌ڵ جه‌نگه‌ڵه ئیستیوایییه‌كاندا به‌راورد بكرێن. هه‌روه‌ها به‌درێژایی رێڕه‌وه‌كانی سه‌روی لقه‌كانی نیل له‌به‌حری غه‌زال چه‌نده‌ها دره‌خت هه‌یه وه‌ك دره‌خته‌كانی ماهوگنیو ئه‌بنوسو تك. له‌كاتی جه‌نگی نیشتمانیدا له‌دژی حكومه‌تی سودان، جه‌نگه‌ڵه‌كانی ئه‌م هه‌رێمه په‌ناگه‌و شوێنی چالاكیی عه‌سكه‌ری گه‌ریلاكانی باشور بون.

ئه‌م داهاته سروشتییانه بۆ ده‌وڵه‌تی باشوری سودان مایه‌ی هێزێكی ئابوریی گه‌وره‌نو ده‌شێ بونی بڕێكی زۆری ئاو له‌و هه‌رێمه ببێ به‌مایه‌ی په‌یدابونی گه‌شتوگوزار له‌باشوری سودان ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌ت بتوانێ سود له‌و داهاته سروشتییانه وه‌ربگرێت.

٥-داهاتی ئاو:

داهاتی ئاو له‌داهاته ژیانییه هه‌ستیاره‌كانی ئابورین له‌باشوری سودان، چونكه ئاو رۆڵێكی گرنگی له‌چالاكیی كشتوكاڵیدا هه‌یه. دیاره داهاتی ئاو و بارانو ئاوی ژێر زه‌مینو ئاوی سه‌ر زه‌مین ده‌گرێته‌وه، به‌ڵام لێره‌دا ئێمه ته‌نها ده‌چینه سه‌ر باسكردنی ئاوی سه‌ر زه‌مین دوای ئه‌وه‌ی كه‌باسی بارانمان كرد. سه‌باره‌ت به‌ئاوی ژێر زه‌مینیش، ئه‌وا بایه‌خی ئه‌م ئاوه بایه‌خێكی كه‌مه، ئه‌ویش له‌به‌ر درێژیی ماوه‌ی باران بارینو زۆریی لقه‌كانی روباری نیل.

روباری نیل له‌ئاستی شاری نیمولی ده‌چێته ناو سنوری ده‌وڵه‌تی باشوری سودانو له‌وێدا رێڕه‌وه‌كه‌ی ته‌نگه‌به‌ر ده‌بێ به‌ڵام دواتر به‌هۆی تاڤگه‌كانه‌وه پان ده‌بێ، ئیتر لێره‌دا روباره‌كه ده‌چێته ناوچه ده‌شتاییه‌كان كه‌تێیدا لێژایی كه‌مه‌و به‌هۆی ئه‌مه‌وه خێرایی ئاوه‌كه كه‌م ده‌بێته‌وه‌و دیارده‌ی به‌نداو دێته پێش. ئه‌و به‌نداوانه زاده‌ی كه‌ڵه‌كه‌بونی په‌لوپۆی دره‌ختو گژوگیاكانه كه‌ئاوه‌كه له‌گه‌ڵ خۆیدا ده‌یانهێنێ تا ئه‌و كاته كه‌ده‌گاته ده‌ریاچه‌ی نوو. له‌وێوه به‌لای رۆژهه‌ڵاتی

ده‌ریاچه‌دا ده‌ڕواو پاشان به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات ده‌چێ‌و له‌گه‌ڵ دوا چه‌مدا كه‌چه‌می سوباته یه‌كده‌گرێته‌وه‌و لێره به‌دواوه پێی ده‌وترێ نیلی سپی[٢٦].

روبه‌ری حه‌وزی چه‌می سوبات ده‌وروبه‌ری ٢٢٤ كیلۆمه‌تری دوجایه. چه‌می سوبات زاده‌ی پێك گه‌یشتنی دوو چه‌می تره، یه‌كه‌میان چه‌می بیبۆره كه‌گرنگترین سه‌رچاوه‌كانی له‌ڕۆژئاوای ده‌ریاچه‌ی ڕۆدۆڵفه‌و چه‌مه‌كه‌ی تر چه‌می بارۆیه كه له‌باشوری بانی ئه‌سیوپیا هه‌ڵده‌قوڵێ‌و به‌یه‌كه‌م چه‌می دابینكه‌ری ئاو بۆ روباری نیل داده‌ندرێت[٢٧].

درێژیی چه‌می سوبات له‌ناوچه‌ی یه‌كگرتنه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ نیلی سپی ده‌وروبه‌ری ٣٧٤ كیلۆمه‌تر ده‌بێ. ئه‌م چه‌مه ساڵانه نزیكه‌ی ١٣,٣ ملیار م$^3$ ئاو بۆ روباری نیل ده‌سته‌به‌ر ده‌كات. ئه‌م بڕه ئاوه ده‌وروبه‌ری ١٤٪ی داهاتی هه‌موو ئاوی روباری نیل پێكدێنێ[٢٨].

یه‌كێكی تر له‌لقه‌كانی روباری نیل كه كه‌وتۆته ناو سنوری ده‌وڵه‌تی باشوری سودان چه‌می به‌حری غه‌زاله كه‌روبه‌ری حه‌وزه‌كه‌ی ده‌گاته ١٨٠ هه‌زار كلم$^2$. به‌ڵام له‌به‌ر كه‌میی باران له‌و ناوچه‌یه، ئاوی چه‌مه‌كه زۆر نیه به‌شێكی زۆری ده‌بێته هه‌ڵم‌و ساڵانه له ٠,٦٥٦ ملیار م$^3$ ئاو زیاتر ناگاته رێژگه‌ی به‌حری غه‌زال.

به‌شه‌كه‌ی تری روباری نیل، له‌ده‌ریاچه‌ی ئه‌لبێرته‌وه تا یه‌كگرتنه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ چه‌می سوبات به‌درێژایی ١٢٨٠ كلم، ناو نراوه هه‌رێی به‌حری جه‌به‌ل. ئه‌م به‌شه‌ی روباره‌كه نیلی ئه‌لبێرت ده‌گرێته‌وه خۆ كه له‌ئاستی نیمۆلی كۆتایی دێ‌و له‌وێوه ئاراسته‌ی نیل به‌ره‌و باكوری رۆژئاوا ده‌ڕوا. له‌وێدا ژماره‌یه‌كی زۆری به‌له‌می جه‌ندول‌و تاڤگه‌كان ده‌رده‌كه‌ون به‌ڵام ماوه‌ی نێوان نێمۆلی‌و رگاف به‌كه‌ڵكی كه‌شتیرانی نایه‌ت. دوا به‌دوای ئه‌مه، نیل به‌رده‌وام ده‌بێ تا له‌دواییدا یه‌كده‌گرێته‌وه له‌گه‌ڵ چه‌می سوبات‌و پاش ١٢٠ كلم چه‌می لول به‌هاوته‌ریبی له‌گه‌ڵ نیلدا ده‌ڕواو له‌ئاستی شارۆچكه‌ی تۆنگا كه ٨٠ كلم له‌ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریاچه‌ی توتنگۆوه دوره، له‌گه‌ڵ نیلدا یه‌ك ده‌گرێته‌وه. له‌م شوێنه‌دا چه‌می به‌حری جه‌به‌ل له‌گه‌ڵ چه‌می به‌حری زراف یه‌ك ده‌گرێته‌وه[٢٩].

**گرنگترین چەمە لاوەكییەكان كەدەڕژێتە ناو چەمی بەحری جەبەل چەمی خۆركیتە كەدرێژییەكەی ١٣٥ كیلۆمەترەو لەخوار شاری گوبا دەڕژێتە ناو چەمی بەحری جەبەل. هەروەها چەند چەمێكی لاوەكیی دیكەش هەیە وەك خێران گردیل، چیل، فامیل، بان تیاز لیلو گیتاز.**

**بڕی داهاتی ئاوی دەوڵەتی باشوری سودان كەدەگاتە ٣٦ ملیار م٣، مایەی زیاد كردنی بایەخی ستراتیجی ئەم دەوڵەتەیەو ئەم بڕە ئاوە بەسەرچاوەیەكی هێزی جیۆپۆلەتیكی دەژمێردرێ، بەتایبەتی ئەگەر بەنداوو بەربەستی ئاو لەسەر روباری نیل دروست بكرێ.**

**خشتەی ژمارە (١)**

**نێونجی پلەی گەرما لەهەندێ لەوێستگەكانی باشوری سودان[٣٠]**

| وێستگە | نێونجی ساڵانە |
|---|---|
| ملكال | ٢٧,٩ |
| واو | ٢٦,٨ |
| گوبا | ٢٧,٣ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**نێونجی باران بارین لەهەندێ لەوێستگەكانی باشوری سودان[٣١]**

| وێستگە | باران (ملم) |
|---|---|
| ملكال | ٧٨٣ |
| واو | ١١٤٥ |
| گوبا | ٩٨٢ |

## سه‌رچاوه‌كان:

[1] د. صلاح الدين علي الشامي، دراسات في الجغرافية السياسية، مطبعة م. ك، الاسكندرية، بلا سنة الطبع، ص ٢٩.

[2] د. نافع قصاب واخرون، الجغرافية السياسية، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، بدون سنة الطبع، ص ٣٢.

[3] د. عبدالرزاق عباس حسين، الجغرافية السياسية مع التركيز على المفاهيم الجيوبولتيكية، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦، ص ٢٦٤.

[4] عبداللطيف كريم الزبيدي، مشكلة جنوب السودان، رسالة ماجستير (غير منشورة) مقدمة الى معهد الدراسات القومية الاشتراكية بالجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٩.

[5] الصراع في جنوب السودان من الموقع الالكتروني:

www. Moqatel. Com 12/ 5/ 2011, p 4.

[6] ابيل الير، جنوب السودان: التمادي في نقض المواثيق والعهود، ترجمة بشير محمد سعيد، شركة ميدلايت المحدودة، لندن، ١٩٩٢، ص ٤٨.

[7] بوناملو ال، اتفاقية السودان الفرصة الاخير للسلام، مركز عبد الكريم الميرغني الثقافي، الخرطوم، ٢٠٠٤، ص ٩.

[8] د. عبدالرزاق عباس حسين، المصدر السابق، ص ٤٣.

[9] ستران عه‌بدوڵڵا، كێشه‌ی باشوری سودان، گۆڤاری سه‌نته‌ری لێكۆڵینه‌وه‌ی ستراتیجی، ژماره ٢، ساڵی چواره‌م، ١٩٩٥، هه‌ولێر، ل ١٦.

[10] دولة جنوب السودان الجديدة على الموقع الالكتروني:

www. Wekbedi.com 15/ 5/ 2010.

[11] Richard Mulir, Modern Political Qwography, Na Cmillan, London, 1975, p. 33.

[12] د. صلاح الدين علي الشامي، السودان دراسة جغرافية، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٣، ص ٣٨.

[13] د. محمد عبدالغني السعودي، جغرافية الوطن العربي، المكتبة النموذجية، القاهرة، ١٩٨٤، ص ١٨.

[١٤] ك. م. باربر، الوجيز في جغرافية السودان الاقليمية، ترجمة هنري رياض واخرون، منشورات مروي بوكشوف، الخرطوم، الطبعة الثانية، ١٩٩٧، ص ٥٦.

[١٥] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ٤٠- ٤١.

[١٦] محمد مأمون، مصادر الطاقة في السودان ومستقبلها، اكاديمية اميري العسكرية العليا، الخرطوم، ١٩٨٦، ص ٢٣.

[١٧] عبدالعزيز كامل، الجغرافية البشرية للسودان، مطابع دار المعارف القاهرة، ١٩٧٢، ص ٦٠.

[١٨] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ١١٤.

[١٩] عبدالعزيز كامل، المصدر السابق، ص ٢٣.

[٢٠] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ١١٤.

[٢١] د. محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافية السياسية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٦، ص ٨٢.

[٢٢] محمد عبدالله عمر، اقليما كردستان العراق وجنوب السودان: دراسة جغرافية سياسية مقارنة، مجلة كولان العربي، مؤسسة كولان للثقافة والاعلام، العدد ٥١، ٢٠٠٠، ص ٥٩.

[٢٣] محمد عبدالغني السعودي، المصدر السابق، ص ٧٨.

[٢٤] د. محمد ازهر سعيد السماك، جغرافية الوطن العربي دراسة اقليمية، مطبعة دار ابن الاثير للطباعة والنشر، الموصل، ٢٠٠٨، ص ٤٥.

[٢٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

[٢٦] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ١١٥.

[٢٧] د. جودة حسنين جودة، جغرافية افريقيا الاقليمية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١، ص ١٦١.

[٢٨] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ١١٥.

[٢٩] د. جودة حسنين جودة، المصدر السابق، ص ١٦٥.

[٣٠] د. صلاح الدين علي الشامي، المصدر السابق، ص ١٨٧-١٩٩.

[٣١] هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧- ١٩٩.